https://www.doi.org/10.31918/twejer.2141.11

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# ناجێگیریی سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر ڕۆژئاوای کوردستان

د. نوزاد عبدالله شکری

زانکۆی سەلاحەددین

کۆلیژی زانستە سیاسییەکان، بەشی پەیوەندیی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسی

Nawzad_81@yahoo.com

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی ورد باس لە سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر ڕۆژئاوای کوردستان دەکات. بە تایبەتی هۆکارە سەرەکییەکانی دروستبوونی پەیوەندیی سەربازیی نێوان کوردەکان و ئەمریکا دەستنیشاندەکات. توێژینەوەکە بە پشتبەستن بە تیوری ڕیالیزمی کلاسیکیی نوێ مەبەستیەتی هۆکارەکانی ناجێگیری و ناسەقامگیریی سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر ڕۆژئاوای کوردستان دیاریبکات و بە خستنەڕووی ئەرگیۆمێنتی زانستی، ئەوە ڕوونبکاتەوە، کە بۆچی ترەمپ ڕێگەیدا تورکیا هێرش بکاتە سەر ڕۆژئاوای کوردستان.

سەرەتای دروستبوونی پەیوەندیی نێوان ڕۆژئاوای کوردستان و ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٤. بە تایبەتی دوای ئەوەی داعش توانی بەشێکی زۆری خاکی عێراق و سووریا داگیر بکات، ئەمریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، پەنای بۆ هێزە کوردییەکان برد، وەک هاوبەشێکی سەرەکی لە شەڕی دژی داعش. لێرەدا پاڵپشتیی ئەمریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان زیاتر لە ڕووی سەبازییەوە چڕ بووە نەک سیاسی. هەر بۆیەش سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر کوردەکان سیاسەتێکی ناسەقامگیر و نا جێگیرە. بەو مانایەی کە پەیوەندیی ئەمریکا لەگەڵ کوردەکاندا تەنیا لە چواچێوەی شەڕی داعشدا ماوەتەوە و ئەو پەیوەندییانە لە ڕووی سیاسییەوە گەشەی زۆریان نەکردووە. ئەم توێژینەوەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە گوشارەکانی تورکیا، کۆتاییهاتنی شەڕی داعش، ڕوانگەی بازرگانیی ترەمپ، ویستی ترەمپ بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە ناوچەکەدا و نەبوونی ڕوانگەیەکی دیموکراسی و ستراتیژی بۆ سووریا کاریگەریی نەرێنییان لەسەر هەڵوێستەکانی ترەمپ بەرانبەر بە کورد هەبووە.

**وشە کلیلییەکان: ئەمریکا، ڕۆژئاوای کوردستان، ترەمپ، ئۆباما**

## ناجێگیریی سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر ڕۆژئاوای کوردستان

### پێشەکی

پەلاماری داعش بۆ سەر عێراق و هەرێمی کوردستان و دواتریش بەهاناوەهاتنی ئەمریکا و دروستکردنی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە و مەترسییەکانی ئەم گرووپە تیرۆریستییە، بوونە سەرتایەکی بەهێز بۆ ئەوەی ئەمریکا بیر لە بەرەیەکی تری شەڕ لە سووریا بکاتەوە. ئەمەش بووە دەستپێکی دروستبوونی پەیوەندیی نێوان ڕۆژئاوای کوردستان و ئەمریکا بەتایبەت لە ڕووی سەربازییەوە. ئەم پەیوەندییانەش لە سەرەتدا لە هێرشی داعش بۆ سەر کۆبانێ دەستپێدەکەن کە ئەمریکا بە شێوەیەکی چڕ یارمەتی هێزە کوردییەکان دەدات و دواتریش چوارچێوەی ئەم پەیوەندییە سەربازییە فروانەدەبێت، و کورد دەبێتە یەکێک لە ئەکتەرە هەرە بەهێزەکان کە ئەمریکا بۆ تێکشکاندنی داعش لە سووریا، پشتیپێدەبەستێت. بێگومان ئەم هاوپەیمانییە سەربازییە لە نێوان کوردەکان و ئەمریکا، لە سووریا سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا و داعش لە تەواوی سووریا تێکشکێنرا و شاری ڕەققەی پایتەختی خەلافەتی داعش کۆنترۆڵکرایەوە. بۆیە کوردەکان چاویان لەوە بوو، دوای شەڕی داعش ئەمریکا لە پاداشتی ئەو هەموو قوربانییەی داویانە، لە ڕووی سیاسییەوە پاڵپشتییان بکات بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی وەک ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

لەم ڕووەوە بەشێکی زۆر لە بەرپرسە گەورەکانی ئەمریکاش پێیانوابووە کە دەبێت ئەمریکا لە سووریا بمێنێتەوە و یارمەتیی کوردەکان بدات. بەتایبەت وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەرکی ئەمریکا لە سووریا، بە کۆتاییهاتنی داعش کۆتایی نایەت، بەڵکو ئەمریکا کۆمەڵێک بەرژەوەندیی

ستراتیژیی هەیە و هەوڵ دەدات بە هاوکاری لەگەڵ کوردەکان بیانپارێزێت. لەوانە ئێحتواکردنی هەژموون و پێگەی ئێران لە سووریا، سەقامگیرکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەسەدە، ڕێگرتن لە سەرهەڵدانەوەی داعش و گەڕانەوەی ئەسەد بۆ ناوچە کوردییەکان و دروستکردنی جۆرێک لە گوشاری سیاسی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسیی کێشەی کورد لە سووریا. بێگومان ئەمەش خۆی ئاماژەیەکە بۆئەوەی، کە گرنگە ئەمریکا سیاسەتێکی درێژخایەنی لە سووریادا هەبێت.

بەڵام ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا، ئەوەبوو کە ترەمپ لەناکاو لە ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا دەرکرد، بەبێ ئەوەی هیچ حسابێک بۆ هێزە کوردییەکان بکات. ئەمە دووەمین هەوڵی ترەمپ بووە بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا، دوای ئەوەی لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨ ویستی لە سووریا بکێشێتەوە. هەوڵی دووەمی ترەمپ بۆ کشانەوەی هێزەکان کاردانەوەی توندی لێکەوتەوە، چونکە بڕیارەکە لە کاتێکدا بوو کە زۆربەی بەرپرسەکانی ئەمریکا لە کۆشکی سپی، وەزارەتی دەرەوە، پینتاگۆن و کۆنگرێس بەردەوام جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەمریکا وا زوو لە سووریا پاشەکشە ناکات و کوردەکان دەپارێزێت.

بڕیارەکەی ترەمپ کوردەکانی خستە بارودۆخێکی زۆر خراپەوە، بە تایبەتی کاتێک ترەمپ بە شێوەیەکی لەناکاو و تانانەت بەبێ ئەوەی هێزە کوردییەکان ئاگاداربکاتەوە بڕیاری کشانەوەی دا و هێزەکانی لە سنووری نێوان ڕۆژئاوای کوردستان و تورکیا کشاندنەوە. ئەمەش واتای هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بوو، لە هێرشە بەربڵاوەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان کە لە ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ دەستیان پێکرد و تاکوو ١٧ی ئۆکتۆبەر بەردەوام بوون. هەرچەندە لە دوای گوشارێکی زۆر توانرا قەناعەت بە ترەمپ بهێنرێت کە بەشێک لە هێزەکانی ئەمریکا بە بیانووی

پاراستنی کێڵگە نەوتییەکان لە سووریا بەجێبهێڵێت. بەڵام دیارە بڕیارە لەناکاوەکەی ترەمپ کاریگەریی زۆری لەسەر لاوازبوونی پێگەی کورد هەبووە و تەنانەت مەترسیی جدیشی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دروستکرد.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم بابەتە لە ڕوانگەی "**گرنگیی توێژینەوەکە**" دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین ئەم بابەتە لە چەند ڕوویێکەوە گرنگیی تایبەتیی خۆی هەیە. توێژینەوەکە شیکردنەوەیەکی ئەکادیمییە بۆ سیاسەتی ئەمریکا بە گشتی و ئیدارەی ترەمپ بە تایبەتی بەرانبەر ڕۆژئاوای کوردستان. ئەمەش گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی لە ئاراستەکانی سیاسیەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا تێبگەین. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵەی، کە هەر گۆڕانێک لە سیاسەتی ئەمریکا کاریگەریی ڕاستەخۆی لەسەر پرسی کورد لە ناوچەکەدا (بە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنییەوە) هەیە و دەبێت. خاڵێکی دیکەی گرنگی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە بە شێوەیەکی ورد شیکردنەوەی بۆ سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ بەرانبەر ڕۆژئاوای کوردستان کردووە و هەموو ئەو فاکتەرانەی دەستنیشانکردوون کە بوونەتە هۆی ناجێگیری و ناسەقامگیریی سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر کوردەکان. هەروەها ئەوەش ڕوونکراوەتەوە کە بۆچی ئەمریکا لە ڕوانگەیەکی سەربازییەوە مامەڵە لەگەڵ کورد دەکات، زیاتر لەوەی لە ڕووی سیاسییەوە گرنگی بە پێگەی کورد لە سووریا بدات.

سەبارەت بە **پرسیارە سەرەکییەکانی** ئەم توێژینەوەیە، لێرەدا توێژەر هەوڵیداوە، وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری گرنگ بداتەوە. گرنگترینیان بریتین لەمانە: ئەو فاکتەرانەی کە بوونەتە هۆی سەرەتای دروستبوونی پەیوەندیی نێوان ئەمریکا و کوردەکانی سووریا، چی بوون؟ بۆچی ئەو پەیوەندییانە زیاتر لە بواری سەربازیدا چڕ بوونەتەوە، نەک سیاسی؟

بۆچی سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر ڕۆژئاوای کوردستان سیاسەتێکی ناجێگر و ناسەقامگیرە؟ لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی ناجێگیریی سیاسەتی ترەمپ لەسەر پێگەی کورد چین و چی دەبن؟

**گریمانەی توێژینەوەکە** لەسەر ئەو خاڵە بونیات نراوە، کە سەرهەڵدانی داعش یەکێک بووە لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی دروستبوونی پەیوەندیی نێوان ئەمریکا و کوردەکانی سووریا. بەڵام ئەم پەیوەندییانە زیاتر سیمایەکی سەربازییان پێوە دیار بووە نەک سیاسی. هەروەها سیاسەتی ناجێگیری ترەمپ زیانی گەورەی لە پێگە و بەرژەوەندییەکانی کورد داوە. لە لایەکی تریشەوە، هەوڵەکانی ترەمپ بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا پەیوەندی بە کۆمەڵێک هۆکارەوە هەیە، لەوانە: بەڵێنەکانی ترەمپ بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پراکتیزەکردنی بەڵینەکانی کەمپینەکانی هەڵبژاردن و گوشارەکانی تورکیا.

هەروەها سەبارت بە "**تیۆری سەرەکیی توێژینەوەکە**"، ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی لە شیکردنەوەی ئەرگیومێنتەکانی خۆیدا پشت بە تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکیی نوێ ( New Classical Realism) دەبەستێت. ئەم تیۆرە لە شیکردنەوەی سلوکی دەوڵەت و سیاسەتەکانیدا، پشت بە دوو فاکتەری سەرەکی دەبەستێت: فاکتەرە ناوخۆییەکان و فاکتەرە دەرەکییەکانی پەیوەست بە سیستەم و ژینگەی ململانێی نێودەوڵەتی. بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەری و کارتێکردنەکانی نێوان ئەم دوو فاکتەرە و ، پێکەوە دەتوانن لە سیاسەتی دەوڵەتان تێبگەین و شیکردنەوەیەکی ڕیالیستانەی بۆی بکەین (Gideon,1998, pp.144-177; (Nicholas, 2010) سەبارەت بە ئەمریکا و چۆنیەتیی مامەڵەکردنی لەگەڵ کوردەکانیش، دوو فاکتەر کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی ئەمریکا هەبووە:

یەکەم: کاریگەریی فاکتەرە ناوەخۆییەکان، وەک بیروبۆچوونە تایبەتییەکانی سەرۆک، شێوازی دونیابینییەکەی، کاریگەریی دامەزراوەکانی هاوشێوەی کۆنگرێس، ڕای گشتی و کەسایەتییەکان. دووەم: فاکتەرە دەرەکییەکان، کە گاریگەرییان لەسەر سیاسەتی ئەمریکا هەبووە و خۆی لە گوشاری هاوپەیمانەکانی وەک تورکیا، شەڕی داعش و مەترسییەکانی نەیارانی وەک ئێران و ڕژێمی ئەسەددا دەبینێتەوە. کەواتە ناتوانین بە جەختکردنەوە لەسەر تەنیا یەکێک لەو ئاستانە شیکردنەوەیەکی دروست بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە بەرانبەر کورددا بکەین، بەڵکو بە تێکەڵکردن و شیکردنەوەی وردی هەردوو ئاستەکە و کاریگەرییەکانی، وێنەیەکی باشترمان دەستدەکەوێت سەبارەت بە چۆنیەتیی مامەڵەکردنی ئەمریکا لەگەڵ کوردەکان.

هەروەها سەبارەت بە **"پێکهاتەی توێژینەوەکە"** ئەم توێژینەوەیە بە سەر سێ باسی سەرەکیدا دابەشکراوە، لە باسی یەکەمدا هەوڵدەدەین بە شێوەیەکی گشتی باس لە سەرەتای دروستبوونی پەیوەندیی نێوان ڕۆژئاوی کوردستان و ئەمریکا بکەین و ئەو خاڵە ڕوونبکەینەوە، کە بۆچی ئەمریکا پشتی لە ئۆپۆزسیۆنی سووریا کرد و پشتی بە کورد، وەک هاوبەشێکی سەرەکی بۆ شەڕی دژی داعش، بەست. لە باسی دووەمیشدا باس لە ناجێگیریی سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر ڕۆژئاوای کوردستان دەکەین. لەم باسەدا باسی هەوڵەکانی ترەمپ بۆ کشانەوەی لە سووریا و پشتتێکردنی کوردەکان و ڕێگەدان بە تورکیا بۆ هێرشکردنە سەر ڕۆژئاوای کوردستان، دەکەین. لە باسی سێیەمیشدا باسی گرنگترین ئەو هۆکارانە دەکەین کە لە پشت هەوڵەکانی ترەمپەوە بوون، بۆ کشانەوە لە سووریا و پشتگوێخستنی کورد.

## باسی یەکەم: چۆنیەتیی دروستبوونی پەیوەندیی نێوان ئەمریکا و کوردەکان

### ١- سەرەتای دروستبوونی پەیوەندیی نێوان ڕۆژئاوی کوردستان و ئەمریکا

لە دوای دەستپێکردنی خۆپیشاندانی ئاشتییانە دژی ڕژێمی ئەسەد لە سووریا لە ئاداری ٢٠١١ و دواتریش گۆڕینی خۆپیشاندانەکان بۆ شەڕی چەکداری لە نێوان گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆن و ڕژێمی ئەسەد، دەرفەتێکی مێژوویی بۆ کوردەکانی سووریا هاتە پێشەوە، بۆ دروستکردنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی لە سووریا. لەم چوارچێوەیەدا، دوای فراوانبوونی بازنەی شەڕی ناوخۆ و دروستبوونی هەڕەشەی جدی لەسەر ڕژێمی ئەسەد، ڕژێمی سووریا بە ناچاری لە مانگی تەممووزی ٢٠١٢ لە بەشێکی زۆری ناوچە کوردییەکان کشایەوە. بە تایبەتیش لە عەفرین، کۆبانێ و هەرێمی جەزیرە. ئەمەش دەرفەتێکی مێژوویی بۆ کورد ڕەخساند بە تایبەتی پارتی یەکێتیی دیموکرات (PYD) بۆ ئەوەی ببێتە دەسەڵاتی ئەمری واقیع لە ڕۆژئاوای کوردستان (Les, ٢٠١٦). لەم چواچێوەیەشدا، دوای کۆنترۆڵکردنی ڕۆژئاوای کوردستان، PYD دوو هێزی چەکداری بەناوی هێزەکانی پاراستنی گەل (YPG) و هێزی پاراستنی ژنان (YPJ) دامەزراند، کە دواتریش ئەم هێزانە بە هاندان و ڕاسپاردەی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٥ خراونەتە چوارچێوەی هێزەکانی سووریای دیموکرات (SDF) کە بەشێک لە هێزە عەرەبییەکانی سوننیش دەگرێتەخۆ (les, PYD.2016) لە ساڵی ٢٠١٤ لە یەکەم هەنگاوی سیاسیدا هەرێمی خۆسەری لە ڕۆژئاوا ڕاگەیاند کە هەرسێ کانتۆنی عەفرین، کۆبانێ و جەزیرەی لەخۆگرت (Radpey, 2016). هەروەها لە ئاداری ٢٠١٦ بڕیاری پراکتیزەکردنی سیستەمی فیدڕالی لە ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا پەسەندکرد. (Arafat, 2019)

دیارە لەو کاتەی PYD دەسەڵاتی لە ڕۆژئاوای کوردستان گرتەدەست، لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەکی لەگەڵ زۆر لایەن و دەوڵەت کێشەی هەبووە. لەسەر ئاستی ناوخۆ PYD کێشەی قووڵی لەگەڵ هێزە کوردییەکانی دی هەبووە. بەتایبەت ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی (KNC) کە زیاتر لە لایەن هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش پارتییەوە پاڵپشتی لێ دەکرێت (Wilgenburg, 2020). لە ڕاستیدا هۆکاری سەرەکیی ناکۆکیی نێوان KNC و PYD بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر یەکەیان لە بەرەیەکی جیاواز بوون. ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی زیاتر لە لایەن هەرێم بە تایبەتی پارتییەوە پاڵپشتی دەکرێت، لە کاتێکدا PYD هێزێکی درێژکراوەی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانە PKK (Paasche, 2015). لە لایەکی ترەوە، پارتەکانی ناو چوارچێوەی KNC زیاتر پاڵپشتی شۆڕشی سوورییان دەکرد و، ئەندام بوون لە ئەنجومەنی نیشتمانی سووریادا، بەڵام PYD پەیوەندیی باشی لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریادا نەبوو و هەروەها خۆی بە دوور گرت لە دژایەتیکردنی ڕژێمی ئەسەد ( Reuters, 2019). لەسەر ئاستی ناوچەکەش، تورکیا هەر لە سەرەتاوە نیگەران بوو لە دروستبوونی کیانێکی دیفاکتۆ لە ڕۆژئاوای کوردستان و بە تایبەتی ئەگەر لەژێر دەسەڵاتی PYD بێت. چونکە تورکیا PYD بە لقێکی دانەبڕاو لە پەکەکە پێناسە دەکات (Senate, 2019).

سەبارەت بە چۆنیەتیی دروستبوونی پەیوەندیی نێوان هێزە کوردییەکانی سووریا و ئەمریکا، سەرەتای پەیوەندییەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٤. دوای ئەوەی داعش توانی بەشێکی مەزن لە خاکی سووریا داگیربکات. لە ٩ی حوزەیرانی ٢٠١٤ هێرشەکانی بۆ سەر عێراق دەستپێکرد و توانی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دەست بە سەر نیوەی خاکی عێراقدا بگرێت. ئەمەش هەڕەشەیەکی جدی بۆ سەر پێگە و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکەدا دروستکرد.( Obama, 2014) ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە پێش هاتنی داعش بۆ عێراق،

سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما بەو شێوەیە بووە کە چیتر هێزی سەربازی ڕەوانەی ناوچەکە ناکات و خۆی بەدووردەگرێت لە دەستتێوەردانی سەربازی و کاروباری ناوخۆی دەوڵەتاندا. هەر لە چواچێوەی ئەم سیاسەتەشدا بوو کە ئۆباما لە ساڵی ٢٠١١ هێزەکانی لە عێراق کشاندەوە. بەڵام سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆی سووریا و دواتریش هاتنی داعش بۆ عێراق و کوردستان، ئیدارەی ئۆبامای ناچارکرد پەنا بباتە بەر بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی داعش. لەم چوارچێوەیەدا، ئیدارەی ئۆباما لە ڕێگەی دارشتنی ستراتیژییەکی گشتگیر و پێکهێنانی هاوپەیمانەتییەکی گەورە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەوڵی لەناوبردنی داعشیدا (Obama, 2014).

ئۆباما بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ستراتیژیی ئەمریکا لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا، لە ١٠ی سێپتێمبەری ٢٠١٤ لە ڕێگەی پرێس کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانییەوە خاڵە گرنگەکانی ستراتیژیی وڵاتەکەی خستنەڕوو کە بە ستراتیژیی لاوازکردن و لەناوبردنی داعش ( Degrade and Destroy ISIS) ناسراو بوو. گرنگترین خاڵەکانی ستراتیژیی ئۆباما ئەمانەی خوارەوە بوون: یەکەم: بە شێوەیەکی بەردەوام گورزی سەربازی و سیستماتیکی لە ڕێگای ئاسمانەوە دژی داعش بوەشێنێت و یارمەتی هەرێمی کوردستان و حوکومەتی عێراق بدات.

دووەم: هەوڵدان بۆ فراوانکردنی ئۆپەڕاسیۆنی سەربازی بە شێوەیەک کە تەنیا لە چوارچێوەی عێراقدا نەمێنێتەوە و سووریاش بگرێتەوە.

سییەم: ڕەوانەکردنی هێزی زیاتر بۆ عێراق، بە مەبەستی هاوکاریکردنی هێزە عێراقییەکان، وەکوو هێزی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکانی تر.

چوارەم: ئەرکی سەرەکیی هێزەکانی ئەمریکا زیاتر کاری لۆجیستی و هەواڵگەری دەبێت. بەڵام لە هەمان کاتیشدا، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە چیتر هێزی زەمینی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش نانێرێت (Obama, 2014).

پێنجەم: سەبارەت بە سووریا و هاوکاریکردنی گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆن، ئۆباما جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە چەک و تەقەمەنی بۆ گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆن دابیندەکەن بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی داعش ببنەوە و هەموو هەوڵێک دەدەن تا سەرچاوەی داراییی گرووپە توندڕەوەکان وشکبکەنەوە(Obama, 2014).

لەم چوارچێوەیەدا، دەکرێت بڵێین پەلاماری داعش بۆ سەر عێراق و هەرێمی کوردستان و دواتریش بەتەنگەوەهاتنی ئەمریکا و دروستکردنی هاوپەیمانییێکی نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش، بوونە پاڵنەر و سەرەتایەکی بەهێز بۆ ئەوەی ئەمریکا بیر لە کردنەوەی بەرەیەکی تری شەڕ لە سووریا بکاتەوە. ئەمەش بووە دەستپێکی دروستبوونی پەیوەندی لە نێوان کوردی ڕۆژئاوا و ئەمریکا، بەتایبەت لە ڕووی سەربازییەوە. ئەم پەیوەندییەش لە سەرەتادا لە هێرشی داعش بۆ سەر کۆبانێ دەستپێدەکات کە ئەمریکا بە شێوەیەکی چڕ هاوکاریی هێزە کوردییەکان دەکات و دواتریش چوارچێوەی ئەم پەیوەندییە سەربازییە فراوان دەبێت تاکوو داعش لە ڕووی سەربازییەوە بە تەواوەتی تێکدەشکێت و پایتەختی خەلافەتەکەیان کە ڕەققە بوو، کۆنتڕۆڵدەکرێت (Wright, 2019).

## ٢- پشتگوێخستنی ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی، لە لایەن ئەمریکا و ڕووکردنە فاکتەری کوردی

چەند هۆکارێکی گرنگ بوونە هۆی ئەوەی ئەمریکا لە شەڕی دژ بە داعشدا زیاتر پشت بە فاکتەری کوردی ببەستێت و واز لە پاڵپشتیکردنی

ئۆپۆزسیۆنی سووریا بهێنێت: یەکێک لە هۆکارە هەرە گرنگەکان بریتیبوو لە گۆڕینی ئەولەویاتی سیاسەتی ئەمریکا لە سووریا بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی داعش. وەک ئاشکرایە لە دوای دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانی گەلی سووریا ساڵی ٢٠١١ و پاشان گۆڕانیان لە خۆپیشاندانەوە بۆ شەڕی چەکداری، ئەمریکییەکان لە ڕووی سەربازییەوە دەستیان بە پاڵپشتیکردنی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان کرد، بۆ ڕووبەڕووبوونەی ڕژێمی ئەسەد. دیارە سیاسەتی ئەمریکا بە شێوازێک هاوکاریی بەهێزبوونی ئۆپۆزسیۆنی سووریای دەکرد، کە ئەگەر نەشتوانن ڕژێمی ئەسەد بڕوخێنن، ببنە گوشارێکی گەورەی سەربازی بۆ ڕژێمی ئەسەد و ناچاری ملکەچی پرۆسەی دانوستانی بکەن (Blanchard & Christopher, 2019, pp. 1-26). بەڵام بە سەرهەڵدانی داعش و داگیرکردنی بەشێکی زۆری خاکی سووریا و عێراق و دروستبوونی هەڕەشەی جدی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، ئیدی ئەولەویاتی سیاسەتی ئەمریکا گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هات. پرسی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش، بووە کاری هەرە لەپێشینەی سیاسەتی ئەمریکا. لەم چوارچێوەیەدا، ئەمریکا زیاتر هەوڵەکانی چڕکردەوە بۆ ڕاهێنانکردن و پڕچەککردنی ئەو هێز و لایانانەی، کە ئامادە بوون شەڕی داعش بکەن.( Blanchard & Christopher, 2019, pp.1-26) بێگومان، ئەمەش ڕێک پێچەوانەی سیاسەتی ئەو گرووپە ئۆپۆزسیۆنانەی سووریا بوو، کە ئەولەویاتیان شەڕکردن لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد بووە، نەک دژایەتیکردنی داعش (Wright, 2019). لەوەش گرنگتر ئەوە بوو کە بەشێکی زۆری ئۆپۆزسیۆنی سووریا لە گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان پێکدەهات کە هەندێکیان لەگەڵ داعش هاوسۆز بوون.

لە لایەکی تریشەوە پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین کە سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر قەیرانی سووریا چ لە سەردەمی ئۆباما چ لە سەردەمی

ترەمپدا، زیاتر جەختکردنەوە بووە لەسەر چارەسەری سیاسی، نەک گۆڕینی ڕژێمی بەشار ئەسەد. ڕوانگەی ئیدارەی ئۆباما بەو شێوەیە بووە کە ئەزموونی گۆڕینی سیستمە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جگە لە ناسەقامگیری و تێکچوونی بارودۆخی ناوچەکە، هیچ بەرهەمێکی تری نەبووە. بەتایبەت بەرپرسانی ئەمریکا ئاماژەیان بە ئەزموونی عێراق، لیبیا و ئەفغانستان دەکرد، کە سەرەڕای گۆڕینی ڕژێمی سیاسییان بە پاڵپشتی ڕاستەوخۆی ئەمریکا، بەڵام هاوکێشەکان پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بوونە. بۆیە ئەمریکییەکان پێیانوابووە کە کێشەی سووریا پرسێکی نێودەوڵەتییە و پێویستە هەموو لایانەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە بەشدار بن (Obama, 2016).

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە وایکرد ئەمریکا لە گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆن دووربکەوێتەوە و زیاتر خەجت لەسەر فاکتەری کوردی بکاتەوە، پەیوەندی بە سروشتی خودی گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە هەبووە. هێزە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا، کارا و ڕێکخراو نەبوون و دابەشبوونێکی زۆر گەورە لە نێوانیاندا هەبوو. لە لایەکی تریشەوە لە سەردەمی ئیدارەی ئۆبامادا پارەیەکی زۆر لە گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆن خەرج کرا، بەڵام ئەم گرووپانە نەیانتوانی ببنە هاوپەیمانێکی متمانەپێکراوی ئەمریکا (Wright, 2019)). ئەمریکییەکانیش زیاتر مەبەستیان بوو پاڵپشتی گرووپە سێکولەر و میانڕەوەکان بکەن. بێگومان ئەمەش کارێکی زۆر سەخت بوو، چونکە بەشی هەرە زۆری گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆن لە گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان پێکهاتبوون.(Blanchard &Christopher, 2019) بەو مانایەی بەشی هەرە زۆری هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا سەر بە گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان بوون. بۆیە ئەمریکا لە پێدانی چەکی پێشکەوتوو بەم هێزانە، ترسی هەبوو، پێیوابوو لەوانەیە ئەو چەکانە لە کۆتاییدا بگەنە دەستی داعش و ئەلقاعیدە و دژی ئەمریکا پێی بجەنگنەوە.(Mckelvey, 2015)

به هەمان ئاراستەش، فاکتەرێکی دیکەی گرنگ کە کاریگەریی هەبووە لەسەر ئەوەی ئەمریکا پشت لە ئۆپۆزسیۆنی سووریا بکات دەگەڕێتەوە بۆ دەستتێوەردانەکانی ڕووسیا لە سووریا. دەستتێوردانەکانی ڕووسیا لە ڕووی سەبازییە لە ساڵی ٢٠١٥ بۆ مانەوە و پاڵپشتیکردنی ڕژێمی ئەسەد لە لایەک، هاوکات پاڵپشتیی ئیران و گرووپە میلیشیاکان، پێگەی ڕژێمی ئەسەدیان بەهێز کرد و کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر گۆڕینی هاوکێشە سەربازییەکان و لاوازکردنی گرووپە چەکدارەکانی سووریا. ئەم پێشهاتانە لە کاتێکدا بوون، کە سیاسەتی ئەمریکا دەیویست خۆی بەدووربگرێت لە ڕووخاندنی ڕژێمی ئەسەد. بە تایبەتی کە ئەمریکا نەیدەویست لەپێناو ئۆپۆزسیۆنێکی لاواز و خاوەن باکگراوندێکی توندڕەوی ئیسلامی، دژایەتی ڕووسیا بکات. بێگومان ئەمەش وایکرد کە ئیدی پاڵپشتیی ئەمریکا بۆ گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆن بەرەو نەمان بچێت. بەتایبەت لە سەردەمی ئیدارەی ترەمپ بەرنامەی ڕاهێنان و پڕچەککردنی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا بە یەکجاری کۆتاییهات. بەو مانایەی کە پرۆگرامی ڕاهێنان و پڕچەککردنی ئۆپۆزسیۆن، کە بە شێوەیەکی نهێنی و لەژێر سەرپەرشتی CIA لە ساڵی ٢٠١٣ بەڕێوەدەچوو، لە ساڵی ٢٠١٧ کۆتاییهات. (Sanger., et al., 19 July 2017)

ئەم پەرەسەندنانە لە کاتێکدا بوون، کە هاوکات لەگەڵ پشتگوێخستنی گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆن لە لایەن ئەمریکا و لە لایەکی تروە پنتاگۆن بەرنامەی پڕچەککردنی هێزە کوردییەکانی لەژێر چەتری هێزەکانی سووریای دیموکرات بۆ شەڕی دژی داعش بەرەو پێش برد. (Schmitt & Eric, 2017). بە تایبەتیش کە هێزە کوردییەکان لە شەڕی دژی داعشدا هێزێکی ئەکتیڤ، سێکۆلەر و هاوپەیمانێکی باوەڕپێکراوی ئەمریکا بوون. لەم ڕوانگەیەوە، بەرژەوەندیی هاوبەش، پەیوەنییە سەربازییەکانی ئەمریکای لەگەڵ کورد، توندوتۆڵ کردەوە. ئەمریکا دەیویست هێزە کوردییەکان وەک ئامرازێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش بەکاربهێنێت.

بەهەمان ئاراستەش، کوردەکان دەیانویست سوود لەو هاوپەیمانییەتییە وەربگرن بۆ ئەوەی ناوچەکانی خۆیان لە هێرش و پەلامارەکانی داعش بپارێزن. لە ڕوانگەی سیاسیشەوە تێڕوانینەکانیان لە یەکدی نزیک بوون. بەتایبەت کە هیچ کامیان ئەولەویاتیان دژایەتیکردن یاخود ڕووخاندنی ڕژێمی ئەسەد نەبوو، بەڵکو فۆکەسیان زیاتر لەسەر شەڕی دژی داعش بووە. هەموو ئەمانەش وایانکرد کە لە ساڵی ٢٠١٥ ئەمریکا لە سووریا گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانیدا بکات بە ئاراستەی دوورکەوتنەوە لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووری و پاڵپشتیکردنی هێزە کوردییەکان و هەندێک گرووپی بچووکی عەرەبیی سوننی و کریستیانی لەژێر چەتری هێزەکانی سووریای دیموکرات (CRS, 2016, pp. 1-28).

**باسی دووەم: ئیدارەی ترەمپ و ناجێگیریی سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر ڕۆژئاوای کوردستان**

**١- ترەمپ و یەکەمین هەوڵی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا**

دوای گرتنەدەستی دەسەڵات لە ساڵی ٢٠١٧، ترەمپ بەردەوام باسی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا دەکات، بێ ئەوەی هیچ پلانێکی دیاریکراوی بۆ داهاتووی پێگەی ئەمریکا و پاراستنی هاوپەیمانە کوردەکانی کە لە شەڕی داعشدا قوربانییەکی مەزنیان دابوو هەبێت. ترەمپ لە ٢٩ی مانگی ئاداری ٢٠١٨ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەمریکا لە سووریا دەکێشتەوە و دەوڵەتەکانی ناوچەکەش پێویستە هەوڵی چارەسەرکردنی قەیرانی سووریا بدەن (Browne. & Starr, 2018). ترەمپ لە چەند تویتێکی دیکەدا لە ١٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨دا بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا ئاشکرا کرد و ئاماژەی بەوە کرد، کە پرسی داعش تەنیا هۆکار بووە بۆ مانەوەی ئەمریکا لە سووریا، ئێستاش کە داعشمان تێکشکاندووە کاتی ئەوەیە لە سووریا دەربچین

(Trump, 2018). ئەم لێدوانەی ترەمپ ئاماژەیەکی ڕوون بوو، بەوەی کە ئەمریکا هیچ بەرنامە و پلانێکی جێگیریی نییە بۆ سووریای دوای داعش و تەنانەت ئاماژەیەکیش بوو، بەوەی ترەمپ ئامادەیە چارەنووسی سووریا و هاوپەیمانە کوردەکان بداتە دەست دەوڵەتە هەرێمییەکان.

ئەم هەڵوێستە لەناکاوەی ترەمپ بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، دوای پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرۆککۆماری تورکیا "ڕەجەب تەیب ئەردۆگان" لە ١٤ی دیمسەمبەری ٢٠١٨ دێت. ئەم گۆڕانە خێرایە لە سیاسەتی ترەمپدا زۆربەی بەرپرسانی ئەمریکا و چاودێرانی سیاسی تووشی جۆرێک لە شۆک کرد. بە تایبەتی کە ئەم سیاسەتە پێچەوانەی زۆربەی لێدوان و بۆچوونەکانی بەرپرسانی ئیدارەی ترەمپ بووە. لەوانە: وەزارەتی دەرەوە، پینتاگۆن، کۆنگرێس و ڕاوێژکارەکانی ترەمپ کە جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە، هێشتا کاتی کشانەوە لە سووریا نەهاتووە. برێت مەکگورک نوێنەری ئەمریکا بۆ شەڕی دژی داعش، هەفتەیەک پێش لێدوانەکانی ترەمپ ئاماژەی بەوە کردبوو کە لە دوای شەڕی داعش، ئەمریکا لە سووریا دەمێنێتەوە و سەقامگیریی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەسەدە دەپارێزێت (Schmitt & Eric, 2017).

هەربۆیەش لە ناوەوە و دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ دەنگی ناڕەزایی سەبارەت بە بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا و پشتگوێخستنی کوردەکان، تا ڕادەیەک بەهێز بوو. لەم چوارچێوەیەدا، لیندزی گراهام و چەند سیناتۆرێک لە کۆنگرێس لە نامەیەکدا داوایان کرد کە ترەمپ لە بڕیارەکەی پاشگەز بێتەوە. لە نامەکەدا ئاماژەیان بەوە کردبوو، کە مانەوەی ٢٠٠٠ سەربازی ئەمریکا لە سووریا بۆ پاڵپشتیکردنی کوردە هاوپەیمانەکانمان و لەناوبردنی داعش، گرنگیی زۆری هەیە. هەروەها ئاماژەیان بەوە کرد کە کشانەوەی ئەمریکا دەبێتە هۆی ئەوەی ڕووسیا، ئەسەد و ئێران بەهێز ببن و دووبارە داعش سەرهەڵبداتەوە ( Graham.,

et al., 2018). بەهەمان شێوەش، جەیمس ماتیس وەزیری بەرگیریی ئەمریکا و، برێت ماکگۆرک نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە شەڕی داعش، دژی بڕیارەکەی ترەمپ وازیان لە پۆستەکانیان هێنا. جەیمس ماتیس لە نامەی دەستلەکارکشانەوەیدا تیشکی خستەسەر ئەوەی کە بەهێزبوونی ئەمریکا پەیوەستە بە بەهێزکردنی سیستەمی هاوپەیمانیەتی لەگەڵ هاوبەشەکانی. ڕێزنەگرتن لە هاپەیمانەکانمان و هاوکارینەکردنیان، دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانین پارێزگاری لە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا بکەین. Mattis, (2018) ئەمەش وەک ئاماژەیەک بوو لە وەزیری بەرگرییەوە و پشتگوێخستنی کوردەکان لە لایەن دژی ترامپەوە.

هەموو ئەم ناڕەزایی و گوشارانە کاریگەرییان هەبوو لەسەر پاشگەزبوونەوەی ترەمپ لە بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا. ئاماژەکانی ئەم پاشگەزبوونەوەیەش لە ٦ کانوونی دووەم ٢٠١٩دا زیاتر دەرکەوتن، کاتێک ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا جۆن بۆڵتون لە سەردانەکەیدا بۆ ئیسرائیل و تورکیا ئاماژەی بەوە کرد، ئەگەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا ببێتە هۆی ئەوەی تورکیا هێرش بکاتە سەر کوردەکان، ئەوا ئەمریکا سووریا جێناهێڵێت. Bolton, 2020, (pp. 187-186). بەهەمان شێوەش وەک ئاماژەیەک بۆ پاشگەزبوونەوەکەی، ترەمپ لە ٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩دا ئاماژەی بەوە کرد کە "ڕاستە ئێمە لە سووریا دەردەچین بەڵام هەرگیز نەمگوتووە کە بە خێرایی دەردەچین. ئێمە ئەو کاتە سووریا جێدێڵین کە بە شێوەیەکی تەواو داعشمان تێکشکاند" (Trump, ٢٠١٩) . ترەمپ لە تویتێکی دیکەدا لە ١٣ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩ دا ئاماژەی بەوە کرد کە کوردە هاوپەیمانەکانمان دەپارێزین و ڕێگە نادەین تورکیا هێرشیان بکاتەسەر. هەروەها بە توندی تورکیای وشیارکردەوە، کە ئەگەر هێرش

بکاتە سەر کوردەکان، ئابووریی وڵاتەکەیان وێران دەکات Trump, (2019).

بەم شێوەیە گوشارەکان ترەمپیان ناچارکرد کە سەبارەت بە چۆنیەتیی کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا نەرمی بنوێنێت و ڕازی بێت کە هێزەکانی ئەمریکا بە بەرنامە و لەسەرەخۆ پاشەکشە بکەن. بە شێوەیەک وەک سیناتۆری کۆمارییەکان گراهام ئاماژەی پێکردووە، گرێنتی سێ خاڵی سەرەکی بکات، یەکەم: دڵنیابوون لە لەناوبردنی هەمیشەیی داعش. دووەم: ئێران ئەو بۆشاییەی کە ئەمریکا جێیدەهێڵێت پڕناکاتەوە. سێیەم: کشانەوەکە بە شێوەیەک بێت، کوردەکان پارێزراو بن و زیانیان پێ نەگات(Graham, 2018).

## ٢- پرسی دروستکردنی ناوچەی ئارام لە ڕۆژئاوای کوردستان

دوای ئەوەی لەژێر گوشارە ناوخۆ و دەرەکییەکاندا ترەمپ لە یەکەم هەوڵی کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا پاشگەزبوویەوە، ئەمجارە پرسی دروستکردنی ناوچەی ئارام لە نێوان ئەمریکا و تورکیا هاتەئاراوە. ترەمپ لە تویتێکدا لە ١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩ ئاماژەی بەوەدا کە بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام لە ڕۆژئاوای کوردستان لەگەڵ تورکیا ڕێککەوتن. بە قووڵایی (٣٢mile safe zone) (Trump, 2019). لەم چوارچێوەیەدا لە ٧ی ئابی ٢٠١٩دا تورکیا و ئەمریکا لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکی هاوبەش سەبارەت بە بارودۆخی سووریا و دروستکردنی ناوچەی ئارام لە ڕۆژئاوای کوردستان، ئاماژەیان بەوە کرد هەردوو لا گەیشتوونەتە ڕێککەوتن. لە بەیاننامەکەدا لەسەر سێ خاڵی سەرەکی ڕێککەوتن: خاڵی یەکەم: دروستکردنی ژوورێکی ئۆپەڕاسیۆنی سەربازیی هاوبەش لە نێوان تورکیا و ئەمریکا بۆ چاودێریکردنی ناوچەی ئارام کە بڕیارە دروستبکرێت. خاڵی دووەم: جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەر دوو لا هەنگاوی خێرا دەهاوێن، بۆ نەهێشتنی ئەو مەترسییانەی

تورکیا لە سووریا هەیەتی. خاڵی کۆتاییش باسی ئەوە دەکات کە هەردوو لا بە یەکەوە کوریدۆر(ڕێڕەو)ێکی ئارام لە ڕۆژئاوای کوردستان دروست دەکەن و هەوڵ دەدەن ئاوارەکانی سووریا بگەڕێننەوە وڵاتەکەی خۆیان (US Embasy,2019).

بەڵام ڕێککەوتنەکەی نێوان ئەمریکا و تورکیا کە بە میکانیزمەکانی ئاسایش ناسرابوو (security mechanism) بە تەواوەتی ڕووننەبوو و پرسیاری زۆر گرنگ هەبوون کە وەڵامیان دیارنەبوو. بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە ناوچەی ئارامەوە هەبوو. لە کاتێکدا بەرپرسانی ئەمریکا هیچ ئاماژەیەکیان بەوە نەدەکرد کە پانتاییی ناوچەی ئارام چەند کیلۆمەتر دەبێت. لە لایەکی تریشەوە بەرپرسانی تورکیا ئاماژەیان بەوە دەکرد ناوچەی ئارام بە قووڵایی ٣٠-٤٠ کیلۆمەتر و بە درێژایی ٤٨٠ کم لە ڕۆژئاوای کوردستان دروستدەکەن(Evans, 2019). بێگومان ئەوەی تورکیا باسی دەکرد هەموو ڕۆژئاوای کوردستانی لەخۆدەگرت. خاڵێکی تر کە جێگەی پرسیار بوو، ئەوە بوو کە دیارنەکرابوو کە کام هێز ئەو ناوچە ئارامە دەپارێزێت؟ ئایا ئەو هێزانەی تورکیا پاڵپشتییان دەکات دەهێنرێنە ئەو ناوچەیە، یاخود هێزێکی هاوبەشی ئەمریکی- تورکی ئەو ناوچانە دەپارێزن؟ هەروەها دیارنەبوو چارەنووسی هێزە کوردییەکان چی لێدێت؟ هەموو ئەمانە ئاماژەیەکی ڕوونبوون کە ئەو ڕێککەوتنە چانسی سەرکەوتنی کەمە و جیاوازییێکی زۆر لە نێوان بۆچوونی ئەمریکا و تورکیادا هەیە.

دوای ئەو ڕێککەوتنە، لە ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٩دا یەکەم گەڕی دەوریاتی هاوبەشی سەربازیی نێوان هێزەکانی ئەمریکا و تورکیا لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەنجامدرا. ئەمەش وەک دەستپێکێک بۆ پراکتیزەکردنی ڕێککەوتنەکەی نێوانیان. هێزە کوردییەکان بۆ ئەوەی ڕێگریی لە هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بکەن، لە بەشێک

له سنوورەکانی تورکیا کشانەوە و سەنگەرەکانیان چۆڵکردن (Browne., et al., 2019). له ڕاستیدا کوردەکان پێیانوابوو کە ئەمریکا بە ئاسانی پشتیان تێ ناکات و ڕێگە لە هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان دەگرێت.

بەڵام هەموو ئەو هەوڵانەی تورکیا تەنیا گەمەی سیاسی و خۆئامادەکردن بوون بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر ڕۆژئاوای کوردستان. بۆیە کاتێکی زۆری پێنەچوو تورکیا کەوتە ڕەخنەگرتن لەو ڕێککەوتنە و ئەمریکای بەوە تۆمەتبار دەکرد، کە لە پڕاکتیزەکردنی ڕێککەوتنەکەی نێوانیان جدی نییە. هەڕەشەی دەکرد بەم زووانە هێرشی سەر ڕۆژئاوای کوردستان دەستپێدەکات. لە ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ دوای پەیوەندییێکی تەلەفۆنیی نێوان ترەمپ و ئەردۆگان، ئیدی هەموو شتەکان دووبارە گۆڕانکارییان بەسەرداهات و ڕێگە بۆ تورکیا والا کرا بۆ ئەوەی پەلاماری ڕۆژئاوای کودرستان بدات. ئەوەی جێگەی نیگەرانی بوو، سیاسەتی دووفاقی و ناجێگیریی ترەمپ بوو بەرانبەر کورد. بە تایبەتیش ترەمپ دوای پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی لەگەڵ ئەردۆگان بۆ جاری دووەم و بەبێ ڕاوێژکردنی بە پنتاگۆن، وەزارەتی دەرەوە و بەرپرسانی ئیدارەکەی، یاخود تەنانەت ئاگادارکردنی کوردەکان، بە شێوەیەکی لەناکاو و تاکلایەنە بڕیاریدا، هێزەکانی لە سنووری نێوان تورکیا و ڕۆژئاوای کوردستان بکشێنێتەوە. ئەمەش ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ هێرشی بەرفراوانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان لە ٩ی ئوکتوبەری ٢٠١٩.

## ٣- هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بۆ تورکیا بۆ هێرشکردنە سەر ڕۆژئاوای کوردستان

لە ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩دا ئەردۆگان و ترەمپ بە تەلەفۆن گفتوگۆیان سەبارەت ڕۆژئاوای کوردستان و ناکوکییەکانی نێوان هەردوو لا کرد. لەو گفتۆگویەدا، ترەمپ گلۆپی سەوزی بۆ تورکیا هەڵکرد بۆ

ئەوەی هێرش بکاتە سەر ڕۆژئاوی کوردستان. لە بەیاننامەکەی کۆشکی سپیدا هەموو ئەو ڕەگەزانەی تێدابوون کە ترەمپ دەرگای هێرشکردنە سەر کوردەکانی لە بەردەم تورکیا والآ کردووە. بەتایبەت بەیاننامەکە ئاماژە بە چەند خاڵێکی گرنگ دەکات کە هەموویان لە بەرژەوەندیی تورکیا بوون، یەکەم: لە بەیاننامەکەدا هاتبوو، کە بەم زووانە تورکیا دەست بە ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان دەکات و تورکیا دەمێکە ئەو پلانەی داڕشتووە. دووەم: بەیاننامەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمریکا پاڵپشتیی ئۆپەڕاسیۆنەکە ناکات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا نابێتە بەشێک لەم شەڕە. سێیەم: باسی ئەوە دەکات کە ئەمریکا هێزەکانی لە ناوچەکەدا دەکیشێنێتەوە، واتە ناوچە سنوورییەکانی نێوان ڕۆژئاوا و تورکیا (White house, ٢٠١٩. بێگومان ئەم سێ خاڵە ئاماژەیەکی زۆر ڕوون بوون، کە ترەمپ گڵۆپی سەوزی بۆ تورکیا هەڵکردووە بۆ هێرشکردنە سەر کوردەکان. بە تایبەتیش لە یاننامەکەدا بە ئاشکرا دەڵێت: ڕێگە لە هێرشەکەی تورکیا ناگرن و هێزەکانی لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستاندا دەکێشنەوە و لە ئەگەری ڕوودانی شەڕیش بێلایەن دەبن. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ترەمپ لە لێدوانەکانی پێشووی خۆیدا ئاماژەی بەوەی کردبوو کە ڕێگە نادەن تورکیا هێرش بکاتە سەر کوردەکان.

لەم چواچێوەیەشدا، لە دوای بەیانامەکەی کۆشکی سپی، لە بەرەبەیانی ٧ی ئۆکتۆبەردا ئەمریکا وەک ڕێگەخۆشکەرێک بۆ هێرشەکەی تورکیا، هێزەکانی لە سنووری نێوان تورکیا و ڕۆژئاوای کوردستان بەتایبەت لە هەردوو ناوچەی سەرێ کانی و گرێ سپی کشاندنەوە (DeYoung. & Ryan, 2019.)). ترەمپ لە ٧ی مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩دا لە ڕێگەی تویتێکەوە دووبارە باسی ئەوەی کرد کە کوردەکان و تورکەکان بۆ ماوەی سەدەیەکە شەڕی یەکتر دەکەن. ڕاستە کوردەکان لەگەڵ ئەمریکییەکاندا شەڕی داعشیان کردووە، بەڵام لە بەرانبەردا بڕێکی

زۆر چەک و پارەیان پێ دراوە. ئێستا کاتی ئەوەیە کۆتایی بە شەڕە بێکوتاییەکان بهێنین و هێزەکانمان بگەڕێنینەوە ئەمریکا (Trump, 2019).

هەرچەندە دواتر ترەمپ لە ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩دا لە نامەیەکی بڵاوکراوەدا کە ئاڕاستەی ئەردۆگانی کردبوو، تێیدا داوا لە تورکیا دەکات هێرش نەکاتە سەر کوردەکان، باسی ئەوەشی کربوو تورکیا نابێت کارێک بکات کە ئەمریکا ناچاربێت ئابووریی تورکیا لەناو ببات (Trump, 2019). بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە زیاتر بۆ ڕای گشتی بوو، نەک هەوڵێکی ڕاستەقینە بۆ ڕێگرتن لە هێرشی تورکیا. دوای هەڵکردنی گڵۆپی سەوزی ئەمریکا، تورکیا لە ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩دا هێرشێکی مەزنی بۆ سەر ڕۆژئاای کوردستان دەستپێکرد و تاکو ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ بەردەوام بوو. تورکیا لەژێر گوشارەکانی ئەمریکا و دەوڵەتە دۆستەکانی کورددا لە ١٧ی ئۆکتۆبەردا بە ناچاری بۆ ماوەی ١٢٠ کاتژمێر ئاگربەستی ڕاگەیاند (White House, 2019). دواتریش تورکیا و ڕووسیا لە سووچی گەیشتنە ڕێککەوتن و ماوەی ئاگربەستەکەیان بۆ١٥٠ کاتژمێر درێژ کردەوە، بۆ ئەوەی هێزە کوردییەکان لەو ناوچانەی تورکیا دەیویست، بکێشنەوە (Aljazeera، ٢٠١٩). لە دوای ڕێککەوتنی سووچی، تا ڕادەیک بارودۆخەکە ئارامبووەوە و تورکیا هێرشەکانی ڕاگرت. لە ئەنجامی هێرشەکانی تورکیادا گرێ سپی و سەرێ کانی داگیرکران و بە سەدان و هەزاران کورد ماڵ و موڵکیان بەجێهێشت و تەنانەت تورکیا چەکی قەدەغەکراوی دژی خەڵکی سیڤیل بەکارهێنا.

### ٤- هەوڵی دووەمی ترەمپ بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا

ترەمپ لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩دا لە ڕێگەی تویتێکەوە، دووبارە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هەوڵدەدەن کۆتایی بە شەڕە بێکۆتاییەکان بهێنن و هێزەکانیان لە سووریا بکێشنەوە (Trump,

2019). بڕیارەکەی ترەمپ تەنیا پشتگوێخستنی کوردەکان نەبوو، بەڵکو ترەمپ دەیویست تەواوی هێزەکانی لە سووریا بکشێنێتەوە. لەم ڕووەوە، ترەمپ لە ٨ی ئۆکتۆبەردا لە تویتێکدا ئاماژەی بەوە کرد کە پرۆسەی کشانەوەی یەکجارەکی لە سووریا دەست پێ کردووە و بەم زووانە سووریا بەجێدەهێڵن (Trump, 2019). بە هەمان شێوەش وەزیری بەرگریی ئەمریکا ئاماژەی بەوە کرد کە ترەمپ بڕیاری کشانەوەی نزیکەی ١٠٠٠ سەربازی لە باکووری سووریا داوە. هەروەها سەرچاوەکانی پنتاگۆنیش باسی ئەوەیان دەکرد کە پرۆسەی کشانەوە لە چەند هەفتەی داهاتوودا تەواو دەبێت (Baker, 2019) و تەنیا هێزێکی بچووکی ١٥٠ کەسی لە بنکەی سەربازیی تەنەف دەمێنێتەوە( Deyoung, 2019).

بڕیارەکەی ترەمپ بۆ کشانەوەی لە سووریا لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی ئەمریکا ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند بووەوە. وەک پەرچەکردارێک ئەنجوومەنی نوێنەران بە هەر دوو پارتی کۆماری و دیموکرات بە زۆرینەی دەنگ (٣٥٤-٦٠) بڕیارێکی نامولزەمیان دەرکرد و دژی کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا وەستانەوە( Baker, 2019). دوای هەوڵێکی زۆر لە لایەن کۆنگرێس و دامەزراوە کاریگەرەکانی دیکە لەسەر ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی، قەناعەت بە ترەمپ هێنرا کە دووبارە لە سووریا بمێنێتەوە. لە ڕاستیدا کونگرێسمان لیندزی گراهام و چاک کێن جێگیری سەرۆک ئەرکانی هاوبەشی پێشووی ئەمریکا و شروڤەکار لە فۆکس نیوز ڕۆڵی سەرەکییان لە مانەوەی بەشێکی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریادا هەبوو. ترەمپ دوای ئەوەی بڕیار دەدات هێزەکانی لە سووریا بکێشێتەوە، ئەم دوو کەسە سەردانی کۆشکی سپی دەکەن و نەخشەیەکی مەزنی سووریا لەگەڵ خۆیاندا دەبەن، کە هەموو کێڵگە نەوتییەکانی ژێر کۆنترۆڵی هێزە کوردییەکانی تێدا بوون و نیشانی ترەمپی دەدەن و پێی دەڵێن: کە ئەگەر ئەمریکا لە سووریا بکشێتەوە، هەموو ئەو سەرچاوە

نەوتییانە دەکەونە دەست ڕژێمی ئەسەد و میلیشیا ئێرانییەکان. بەمەش زیانێکی گەورە بە سیاسەتی ئەمریکا دەکەوێت. بێگومان ئەم هەوڵانەش کاریگەریی زۆریان لەسەر پاشگەزبوونەوەی ترەمپ لە بڕیارەکەیدا هەبووە. دواتر وەک بینیمان ترەمپ سیاسەتی ئەمریکای گۆڕی و باسی لەوە کرد کە هەندێک لە هێزەکانیان لە سووریا دەمێننەوە بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتییەکان و داواشی لە کوردەکان کرد کە ڕوو لە ناوچە نەوتییەکان بکەن (Trump, 2019).

لێرەدا، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە دەتوانین پرسی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە سەیر بکەین. ڕوانگەی ترەمپ بریتی بوو لە پاراستنی بیرە نەوتەکان و دەستبەسەرداگرتنی داهاتەکەیان بۆ خەرخییەکانی سوپای ئەمریکا، هەروەها ڕێگرتن لە هاتوچۆی میلیشیا شیعەکان بۆ عێراق و سووریا یاخود بۆ ئەوەی بیرە نەوتەکان نەکەونە دەستی داعش. ڕوانگەی دووەم بریتییە لە بۆچوونی کۆنگرێس، وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا و دامەزراوەکانی دیکە، کە بەپێی سیاسەتی ئەم دامەزراوانە پرسی ناوهێنانی نەوت تەنیا بۆ قەناعەتپێکردنی ترەمپ بوو، (Graham, 2019) ئەگەرنا فاکتەرە ڕاستەکەی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا بریتی بوو لەوەی ئاسمانی ڕۆژئاوای کوردستان لە دەستی ئەمریکادا بمێنێتەوە. هەروەها مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دژی ئەسەد، ئێران و ڕووسیا کارتی گوشار بێت بۆ ئەوەی لە چارەسەرکردنی پرسی سووریا، ئەمریکا ڕۆڵی هەبێت. لە لایەکی تریشەوە، مانەوەی ئەمریکا دەبێتە هۆکارێک بۆ ڕێگرتن لە سەرهەڵدانەوەی داعش و هاوکاریکردنی کوردەکانیش.

**باسی سێیەم: ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی ئەوەی ترەمپ پشت لە ڕۆژئاوای کوردستان بکات و هەوڵی کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا بدات**

بڕیارەکەی ترەمپ بۆ پشتکردن لە کورد و هەوڵەکانی بۆ کشانەوەی یەکجارەکی لە سووریا خۆی لە چەندین هۆکار و فاکتەردا دەبینێتەوە. دیارە یەکێک لەو هۆکارە هەرە گرنگانەی کە وایکردووە ترەمپ هەوڵی کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا بدات، پەیوەندی بە گوشارەکانی تورکیاوە هەبووە. ترەمپ لە دوای پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەردۆگان لە ٦ی ئوکتۆبەری ٢٠١٩دا بڕیاریدا هێزەکانی لە سووریا بکێشێتەوە و دەرگای داگیرکردنی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بە ڕووی تورکیادا بکاتەوە.(White House, 2019). تورکیا پێیوابوو بە کشانەوەی ئەمریکا دەتوانێت لە ماوەیەکی کەمدا هەموو ناوچە کوردییەکان داگیربکات. تەنانەت تورکیا بە ترەمپی ڕاگەیاندبوو کە ئەوان دەتوانن بەرپرسیاریەتیی داعشە زیندانیکراوەکانی لای کورد لەئەستۆبگرن White House, 2019). ئەوەی وایکردووە ترەمپ نەرمیی زۆر بنوێنێت و لەهەندێ پرس و مەسەلەی وەکوو کەیسی ڕۆژئاوای کوردستان، سازش لەگەڵ تورکیادا بکات، پەیوەندی بە بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی ترەمپ لەگەڵ ئەو وڵاتەدا هەیە. لە ئیستانبۆڵدا دوو تاوەری گەورەی بازرگانی بە ناوی Trump Towers دروستکراون. هەرچەندە گەورە بازرگانی تورکیا "ئایدن دۆغان" خاوەنی ئەم دوو تاوەرەیە، بەڵام لە بەرانبەر ڕەزامەندیوەرگرتن لەسەر بەکارهێنانی ناوی Trump Towers، ساڵانە ملیۆنان دۆلار داهاتی ئەم تاوەرانە بۆ ترەمپ و کارە بازرگانییەکانی دەچێت.(Levy, 2016)

ئەندازیارانی دروستکردنی پەیوەندیی بازرگانیی نێوان ئەردۆگان و ترەمپ بۆ سێ کەسایەتی گرنگ دەگەڕێتەوە، ئەوانیش جارید کوشنێر

(Jared Kushner) کە دەکاتە زاوای ترەمپ و ڕاوێژکاری سەرەکیی ترەمپ بۆ کاروباری سیاسەتی دەرەوە. بێرات ئەلبەیراک (Berat Albayrak) زاوای ئەردۆگان، کە ئێستا وەزیری دارایی و خەزێنەی تورکیایە. محمەد علی یاکچینداغ (Mehmet Ali Yalçındağ) کە گەورە بازرگانێکی تورکیایە و دەبێتە زاوای ئایدن دۆغان، ملیاردێری تورکیا و خاوەنی هەر دوو تاوەرە گەورەکەی ئێستانبۆل کە بە ترەمپ تاوەر ناسراون. لێردا پەیوەندییەکی زۆر بەهێز لە نێوان ئەو سێ زاوایەدا هەیە و ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێرن لە بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان ترەمپ و ئەردۆگان. ئەم سێ کەسایەتییە توانیویانە پەیوەندییەکی نافەرمی و کۆمەڵایەتیش لە نێوان ترەمپ و ئەردۆگان دروست بکەن. بە جۆرێک هەر کاتێک ئەندامانی پارتەکەی یان گۆنگرێس بۆ سزادانی تورکیا گوشاریان خستبێتەسەر ترەمپ، ئەوا ئەم سێ پیاوە لە ڕێگەی پەیوەندییە شاراوە و نافەرمییەکانیانەوە (پێی دەگوترێت دیپلۆماسیەتی پشت دەرگارکان) توانیویانە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا لە ئاستێکی باش و ئاساییدا بهێڵنەوە و ڕێگەیان لە تێکچوونی پەیوەندیی نێوان ترەمپ و ئەردۆگان گرتووە. هەروەها ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە لەوەی کە نەهێڵن ترەمپ گەمارۆ بەسەر تورکیادا بسەپێنێت. (Kirkpatrick & Lipton, 2019)

ئەم هەوڵانەش وایانکردووە کە هەنگاوەکانی ترەمپ لەسەر ئاستی سیاسیش لە زۆر پرسدا لە بەرژەوەندیی تورکیا بن. لەوانە ترەمپ دژی ئەوە وەستایەوە کە بانکی خەڵکی تورکیا بکەوێتە ژێر سزاکانی ئەمریکا بەهۆی سپیکردنەوەی پارە بۆ بەرژەوەندیی ئێران. بە هەمان شێوە ترەمپ چەندین جار بەهۆی کڕینی سیستەمی مووشەکی ئێس ٤٠٠ لە ڕووسیا، بڕیاری سزادان و سەپاندنی گەمارۆی ئابووریی سەر تورکیای دواخستووە(Kirkpatrick & Lipton, 2019).

له ڕاستیدا، محمەد یاکچینداغ ئەکتەرێکی گرنگیی پەیوەندییەکانی نێوان ئەردۆگان و ترەمپە. محەمەد یاکچینداغ بەهۆی بەهێزیی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ترەمپدا، لە لایەن ئەردۆگانەوە کراوە بە سەرۆکی ئەنجومەنی بازرگانیی تورکیا لە واشنتۆن بۆ لۆبیکردنی بەرژەوەندیی تورکیا. یاکچینداغ لە ساڵی ٢٠١٩دا کاتێک سەردانی واشنتۆنی کرد لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا زۆر کەسی بینی و هەوڵیدا کە ترەمپ لە هەندێ پرسی وەک ڕادەستکردنی فەتحوڵڵا گولەن، سزانەدانی تورکیا بەهۆی کڕینی سیستەمی بەرگری ئیس ٤٠٠ لە ڕووسیا و هێرشکردنە سەر ڕۆژئاوای کوردستان پاڵپشتیی تورکیا بکات. گومانی تێدا نییە ئەم دیپلۆماسیەتی پشت دەرگاکان و پەیوەندیی گەورەی بازرگانیی نێوان ترەمپ و ئەردۆگان کاریگەریی زۆریان هەبوو لەسەر ڕێگەدان بە هێرشی تورکیا لە ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان(Kirkpatrick & Lipton, 2019).

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ترەمپ لەگەڵ تورکیا، ئێریک ئیدلمان Eric S. Edelman کە لە سەردەمی ئیدارەی بۆشی کوڕ کونسوڵی ئەمریکا بوو، لە تورکیا، ئاماژەی بەوە کرد کە ترەمپ و ئەردۆگان زیاتر لە ژێر کاریگەریی پەیوەندیی نافەرمی و خێزانیدان و، ترەمپ لە زۆر پرس و مەسەلەدا پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتان بۆ پەیوەندیی خێزانی گۆڕیوە. بە هەمان شێوە ڕاوێژکاری پێشووی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا جون بوڵتون ئاماژەی بەوە کرد کە زۆرێک لە بڕیارەکانی ترەمپ بەرانبەر تورکیا پاڵنەر و فاکتەری کەسی و بەرژەوەندیی بازرگانییان لە پشتەوەیەوە. هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە لە سەنتەری بڕیارداندا بەرژەوەندیی تایبەتی سەرۆک ترەمپ ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت نەک بەرژەوەندیی ئەمریکا(Ruhle &Lee, 2019).

فاکتەری دووەم کە وایکرد ترەمپ پشت لە کوردەکان بکات پەیوەندی بە تێڕوانین و بۆچوونی خودی ترەمپەوە هەیە سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. سیاسەتی دۆناڵد ترەمپ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ سەرۆکەکانی پێشووی ئەمریکا، زۆر جیاوازترە. لە ڕوانگەی ترەمپەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک جاران گرنگ نییە یان بە بەراود لەگەڵ سەرۆکەکانی پێش خۆی ئەو کەمتر گرنگی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات. ترەمپ زیاتر لە هەر سەرۆکێکی دیکەی ئەمریکا تێگەیشتنی هەیە بۆ بەهێزبوونی پێگەی نەیارەکانی لە ناوچەکەدا(Baker & Edmondson, 2019). لەم چوارچێوەیەدا، ترەمپ ئاماژە بەوە دەکات کە نزیکەی ٧ ترلیۆن دۆلاریان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خەرجکردووە، بەبێ ئەوەی هیچ سوودێکی بۆ ئەمریکا هەبێت، بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە بیر لە ئاوەدانکردنی ئەمریکا بکەینەوە (Amanda, 2018). لە ڕوانگەی ئیدارەی ترەمپەوە، بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و دوورکەوتنەوە لە سیاسەتی ڕووخانی سیستەمە سیاسییەکان، هەم پێگەی ئەمریکا بەهێز دەکات و هەم ئەمریکا دووردەخاتەوە لە تێوەگلان لە جەنگێکی دیکەی هاوشێوەی عێراق و ئەفغانستان کە زیانی گەورەیان بە پێگەی ئەمریکا گەیاندوە (Leon, 2018). لەم چوارچێوەیەدا ترەمپ بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە؛ هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکێشێتەوە و دەیانگەڕێنێتەوە بۆ ماڵ (ئەمریکا). ترەمپ بەردەوام لە کەمپینەکانی هەڵبژاردندا بەڵێنی بە دەنگدەرانی داوە کە کۆتایی بە جەنگە بێکۆتاییەکان دەهێنێت (endless war) و هێزەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکێشێتەوە.

فاکتەرێکی دیکە کە کاریگەری لەسەر سیاسەتی ترەمپ بەرانبەر بە سووریادا هەیە، ئەوەیە کە ترەمپ لە ڕوانگەیەکی ستراتیژییەوە سەیری سووریا ناکات. لە چەندین لێدوانیدا ترەمپ باسی ئەوەی دەکرد کە

سووریا هیچ گرنگییێکی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا نییە و ئەو وڵاتە تەنیا بیابان و مردنە (sand and death) (Walsh, 2019). لەم ڕووەوە ڕیچار هاس ڕەخنەی توند لە سیاسەتی ترەمپ دەگرێت سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا. بەتایبەت کە ترەمپ کشانەوەی هێزەکانی پەیوەست دەکات بە کۆتاییهێنان بە جەنگە بێکۆتاییەکان لە ناوچەکەدا. لەم ڕووەوە هاس ئاماژەی بەوە کرد کە ئەوەی ترەمپ باسی دەکات بە تایبەتی سەبارەت بە سووریا شتێکی ڕاست نییە. لەبەرئەوەی ئەمریکا هێزیکی زۆر کەمی لە سووریا بوو و هیچ بارگرانییێکی دارایی لەسەر ئەمریکا دروستنەکردووە. تەنانەت ئەو ژمارە کەمەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا، دەستکەوتی زۆریان بۆ ئەمریکا دەستەبەر کردووە. لەوانە: ڕێگرتن لە سەرهەڵدانەوە و بەهێزبوونی داعش، پاراستنی سەقامگیری، ئێحتواکردنی ئێران و ڕێگری لە دروستکردنی کوریدۆری شیعە. بە هەمان شێوە ئەو هێزانە هاوکار بوونە لە کەمکردنەوەی هەڕەشەکانی سەر ئیسرائیل و ڕێگری لە دووبارە بەهێزبوونەوەی ڕژێمی ئەسەد (Ghitis, 2019).

هۆکارێکی دیکە کە وایکردووە ترەمپ هەوڵی کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا بدات پەیوەندی بە کۆتاییهاتنی شەڕی دژە داعشەوە هەیە. لەم ڕووەوە، لە بەیاننامەیەکدا کۆشکی سپی کە لە ١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩دا بڵاویکردووە، جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ئەمریکا بە هاوکاریی هاوپەیمانەکانی ١٠٠% داعشیان تێکشکاندووە. بۆیە کاتی ئەوەیە هێزەکانی ئەمریکا سووریا جێبهێڵن. هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە ژمارەیەکی کەم لە هێزەکانیان لە بنکەی تەنەف لە سووریادا دەمێننەوە بۆ ئەوەی گورز لە پاشماوەکانی داعش بوەشێنن White House, 2019)). لێرەدا، ترەمپ پێیوابووە تاکە هۆکاری مانەوەی ئەمریکا لە سووریا داعش بووە، نەک پاڵپشتیکردنی کوردەکان بەتایبەت لە ڕووی سیاسییەوە. یاخود هەوڵدان بۆ ئەوەی کیانێکی سیاسی بۆ کورد دروستبکرێت.

تەنانەت ترەمپ لە زۆر لێدوانی خۆیدا ئاماژەی بەوە کردووە: هیچ بەڵێنێکمان بە کورد نەداوە کە تا کۆتایی بیانپارێزین. دەتوانین ئەمە وا شرۆڤەی بکەین کە سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ بەرانبەر کوردەکانی سووریا تەنیا لە چوارچێوەی شەڕی داعشدا بووە و لە ڕووی سیاسییەوە هیچ شتێکیان بۆ کورد نییە. کورد تەنیا وەک ئامرازێک بۆ شەڕی دژی داعش بەکارهێنراوە.

هەروەها پێویستە ئاماژەش بەو خاڵە بکەین کە بەشێکی زۆر پرسی کورد پەیوەندی بە پرسی دیموکرسییەوە هەیە. بۆیە هەندێک لە چاودێران پێیانوابوو، کە ئەمریکا پشت لە کوردەکان ناکات، تەنیا لەبەرئەوە نییە کە کورد هاوپەیمانێکی متمانەپێکراوی ئەمریکایە. بەڵکو بەشێکیشی لەبەر ئەوەیە کە کوردەکان تاڕادەیک باوەڕیان بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی هەیە. بەڵام ئەوەی لەم شیکرنەوەیەدا ڕەچاونەکراوە ئەوەیە کە لە سەردەمی ئیدارەی ترەمپدا پاڵپشتیکردنی بنەما و پرەنسیپەکانی دیموکراسی بەشێک نییە لە ستراتیژیی ئەمریکا. بەو پێیەی ئیدارەی ترەمپ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چیتر پرسی دیموکراسی و بونیاتنانەوەی دەوڵەتان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەشێک لە ئەجێندا و ئەولەویاتی سیاسەتی ئەمریکا نییە. بە هەمان ئاراستەش، ترەمپ لە ڕوانگەیەکی بازرگانییەوە سەیری سیاسەتی دەرەوە دەکات و ئەم ڕوانگەیەش کاریگەریی زۆری لەسەر بڕیارە دەرەکییەکاندا هەیە. هەر بۆیە ئەوەی پەیوەندی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سووریاوە هەیە، ترەمپ ئاماژە بەوە دەکات کە ئامادە نییە پارە لە پێناوی وڵات و نەتەوەکانی تردا خەرجبکات. بەتایبەت سەبارەت بە کەیسی سووریا، ترەمپ بەردەوام گلەیی ئەوەی لە هاوپەیمانە ئەورووپی و عەرەبەکان دەکرد کە وەک پێویست پارە بۆ تێچوونەکانی شەڕی داعش و ئەرکەکانیان لە سووریا تەرخان ناکەن، ئەمریکاش بە تەنیا ئامادە نییە ئەو هەموو پارەیە لە سووریا خەرجبکات (White House, 2019).

## ئەنجام

لەمیانەی توێژینەکەمان سەبارەت بە سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر ڕۆژئاوای کوردستان گەیشتینە کۆمەڵێک ئەنجام لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان دەکەینەوە.

١- سەرەتای دروستبوونی پەیوەندیی نێوان هێزە کوردییەکانی سووریا و ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٤. دوای ئەوەی داعش توانی بەشێکی مەزن لە خاکی سووریا و عێراق داگیربکات، هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەی بۆ سەر پێگە و بەرژەوەندیی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دروستکرد. ئەمەش بووە پاڵنەر و سەرەتایەکی بەهێز بۆ ئەوەی ئەمریکا بیر لە کردنەوەی بەرەیەکی تری شەڕ بۆ تێکشکاندنی داعش لە سووریا بکاتەوە. ئەم سیاسەتەی ئەمریکا بووە دەستپێکی دروستبوونی پەیوەندیی سەربازی لە نێوان ڕۆژئاوای کوردستان و ئەمریکا. ئەم پەیوەندییە سەربازییە لە سەرەتادا بە هێرشی داعش بۆ سەر کۆبانێ دەستپێدەکات کە ئەمریکا یارمەتی هێزە کوردییەکان دەدات و دواتریش چوراچێوەی ئەم پەیوەندییە سەربازییە فراواندەبێت تاکو داعش لە ڕووی سەربازییەوە بە تەواوەتی تێکدەشکێت و پایتەختی خەلافەتەکەیان لە ڕەققە کۆنترۆل دەکرێت.

٢- چەند هۆکارێکی گرنگ وایانکرد ئەمریکا لە شەڕی دژی داعشدا زیاتر پشت بە فاکتەری کوردی ببەستێت و واز لە پاڵپشتیکردنی گرووپی ئۆپۆزسیۆنی سووری بهێنێت. دوای هاتنی داعش ئیدی ئەولەویاتی سیاسەتی ئەمریکا گۆڕانکاریی گەورەی بەسەرداهات. پرسی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش بووە کاری هەرە لە پێشینەی سیاسەتی ئەمریکا. ئەمەش ڕێک پێچەوانەی سیاسەتی گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا بوو کە ئەولەویاتیان شەڕکردن لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد بوو، نەک دژایەتیکردنی داعش. هەروەها بەشێکی زۆری

ئۆپۆزسیۆنی سووری لە گرووپ و لایەنە ئیسلامییەکان پێکدەهاتن، تەنانەت هەندێکیان لەگەڵ داعشدا هاوسوز بوون. بە هەمان شێوە ئەمریکا ترسی پێدانی چەکی پێشکەوتووی بە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن هەبوو و پێیوابوو ئەو چەکانە لەوانەیە بگەنە دەستی داعش و ئەلقاعیدە، کە دژی ئەمریکا دەجەنگن.

٣- سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ بەرانبەر کوردەکانی سووریا سیاسەتێکی ناجیگیر و ناسەقامگیرە. ئەمەش وادەکات چارەنووسی کوردەکان لەبەردەم مەترسیدا بێت. ڕاستە ئەمریکا ژمارەیەک سەربازی لە سووریا هێشتووەتەوە. بەڵام لە ماوەی دوو ساڵدا ترەمپ چەندین جار هەڵوێستی خۆی بەرانبەر پرسی کورد لە سوویا گۆڕیوە. تەنانەت ڕێگەیدا تورکیا هێرش بکاتە سەریان. بۆیە هیچ گرەنتییێک نەبوو کە ترەمپ جارێکی دیکە کوردەکان بەجێنەهێڵێت. بە تایبەت ئەمریکا لە ڕووی سیاسییەوە هیچ شتێکی بۆ کوردەکان نییە و کورد تەنیا وەک ئامرازێک بۆ شەڕی دژی داعش بەکارهاتووە. ئەمەش وا لێکدەدرێتەوە کە ئەمریکا تەنیا لە ڕوانگەی سەربازییەوە سەیری پرسی کورد دەکات، نەک سیاسی.

٤- ئەوەی وایکرد کە ترەمپ پشت لە کوردەکان بکات و ڕێگە بە تورکیا بدات بۆ هێرشکردنە سەر ڕۆژئاوای کوردستان پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە ترەمپ لە لایەک لە ڕوانگەیەکی بازرگانییەوە سەیری سیاسەتی دەرەوە دەکات، ئەمەش کاریگەریی زۆری لەسەر بڕیارە دەرەکییەکانی بە تایبەتی پرسی کورد لە سووریادا هەیە. ترەمپ بەرژەوەندیی کەسی و بازرگانی لەگەڵ تورکیادا هەیە. بە تایبەتی بەهۆی دوو تاوەری گەورەی بازرگانی کە پێیان دەوترێت Trump Towers. لە بەرانبەر ڕەزامەندیوەرگرتن لەسەر بەکارهێنانی ناوی Trump Towers ساڵانە ملیۆنان دۆلار داهات بۆ ترەمپ و کارە

بازرگانییەکانی دەچێت. ئەمەش کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر ئەوەی کە ئەمریکا بەرانبەر هێرشەکانی تورکیا پاڵپشتی کورد نەکات.

٥- هۆکارێکی دیکە کە وایکرد ترەمپ هەوڵی کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا بدات و پاڵپشتییەکانی بۆ کورد ڕابگرێت ئەوەبوو کە ترەمپ وەک جاران لە ڕوانگەیەکی ستراتیژییەوە سەیری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ناکات یان بە بەراود لەگەڵ سەرۆکەکانی پێش خۆی، ئەو کەمتر گرنگی بە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەدات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کۆتایی بە جەنگە بێ کۆتاییەکان دەهێنێت. ( endless war) و هێزەکانی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەکشێنێتەوە. کەواتە ترەمپ لە ڕوانگەیەکی ستراتیژی سەیری سووریا ناکات. پێیوایە سووریا هیچ گرنگییێکی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا نییە و تەنیا بیابان و مردنە. هەروەها لە ڕوانگەی ترەمپەوە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا بۆ پاڵپشتیکردنی کوردەکان لە ڕووی سیاسییەوە نەبووە، بەڵکو تەنیا بۆ شەڕی داعش بووە.

## لیستی سەرچاوەکان:

– ١ - دۆکیۆمێنتی حکومی، لێدوان، ڕاگەیێنراوەکان و ڕاپۆرتەکان:


- Barak Obama, (10 September 2014). Statement by the President on ISIL, < https://obamawhitehouse.archives.gov/the-press-office/2014/09/10/statement-president-isil-1>

- Barak Obama, (13 January 2016). Remarks of President Barack Obama – State of the Union Address as Delivered, The White House < https://obamawhitehouse.archives.gov/the-press-office/2016/01/12/remarks-president-barack-obama-%E2%80%93-prepared-delivery-state-union-address>

- Barak Obama, (28 August 2014). Statement by the President, https://obamawhitehouse.archives.gov/the-press-office/2014/08/28/statement-president

- Bianca Britton, (9 January 2019). Isil Sariyuce and other, Turkey's Erdogan slams Bolton, as Trump position on Syria seems to shift CNN, < https://edition.cnn.com/2019/01/08/politics/erdogan-bolton-syria-kurds-turkey-intl/index.html>

- Carla E. Humud ،.Christopher M. Blanchard and other, (25March 2019). Armed Conflict in Syria: Overview and U.S. Response, CRS (cod order RL33487), pp. 1-26.

- Congressional Research Services, (28 December 2016). Hurds in Iraq and Syria: U.S. Partners against the Islamic State, (cod order), CRS, pp.1-28

- Donald J Trump, (October 2019). Twitter, https://twitter.com/realDonaldTrump/status/1181553630354259968
- Donald J Trump, (7 October 2019). Twitter, <https://twitter.com/realDonaldTrump/status/1181172462291243008?s=20>
- Donald J Trump, ( 20 December 2018). Twitter < https://twitter.com/realDonaldTrump/status/1075528854402256896>
- Donald J Trump, (14 January 2019).Twitter, https://twitter.com/realDonaldTrump/status/1084584259510304768
- Donald J Trump, (14 January 2019).Twitter, https://twitter.com/realDonaldTrump/status/1084584259510304768
- Donald J Trump,( 6 January 2019). Remarks by President Trump before Marine One Departure, White House, < https://www.whitehouse.gov/briefings-statements/remarks-president-trump-marine-one-departure-29/>
- DonaldJTrump, (16 October 2019). Letter to Turkish President, CNN, <https://edition.cnn.com/2019/10/16/politics/trump-erdogan-letter/index.html>
- Donald J Trump, (19 December 2018). Twitter, https://twitter.com/realDonaldTrump/status/1075397797929775105

- Donald J Trump, (20 October 2019).Twitter, https://twitter.com/realdonaldtrump/status/1185934502906007552?s=21

- Aldtrump/status/1185934502906007552?s=21

- James Mattis, (21December 2018). Resignation letter, CNN, <https://edition.cnn.com/2018/12/20/politics/james-mattis-resignation-letter-doc/index.html

- Lindsey Graham, (20 December 2018). Letter from US congressional representatives to President Trump on withdrawal from Syria, Twitter, https://twitter.com/LindseyGrahamSC/status/1075578496733364226

- U.S. Department of State, (23 October 2019). Assessing the Impact of Turkey's Offensive in Northeast Syria, Testimony<https://www.foreign.senate.gov/imo/media/doc/10%2022%2019%20Asssessing%20the%20Impact%20of%20Turkey's%20Offensive%20in%20Northeast%20Syria.pdf>

- U.S. Embassy, (7 Augusts 2019).Statement on Joint Military Talks Regarding Syria, U.S. Embassy Turkeyhttps://tr.usembassy.gov/statement-on-joint-military-talks-regarding-syria/

- White House, (2017). The national security strategy of the United States of America, < https://www.whitehouse.gov/wp-content/uploads/2017/12/NSS-Final-12-18-2017-0905.pdf>

- White House, (6 October 2019). Statement from the Press Secretary, https://www.whitehouse.gov/briefings-statements/statement-press-secretary-85/

- White House, (14 October 2019) Statement from President Donald J. Trump Regarding Turkey's Actions in Northeast Syria, <https://www.whitehouse.gov/briefings-statements/statement-president-donald-j-trump-regarding-turkeys-actions-northeast-syria/>

## ٢- كتێبەكان:

- John Bolton, (2020).The Room Where It Happened: A White House Memoir

- Loqman Radpey, (2016). Kurdish Regional Self-rule Administration in Syria: A new Model of Statehood and its Status in International Law Compared to the Kurdistan Regional Government (KRG) in Iraq, Cambridge University Press

## جۆرناڵ(گۆڤار)ی زانستی:

- Brian Rathbun,(2008). 'A Rose by Any Other Name: Neoclassical Realism as the Logical and Necessary Extension of Structural Realism', Security Studies, 17:2

- Kitchen, Nicholas (2010) Systemic pressures and domestic ideas: a neoclassical realist model of grand strategy formation. Review of international studies, 36 (1). pp. 117-143.

- Randall L. Schweller, (2003).'The Progressiveness of Neoclassical Realism', in Colin Elman and Miriam Fendius

(eds), Progress in International Relations Theory: Appraising the Field (Cambridge, MA: MIT Press)

- Rose, Gideon, (1998) “Neoclassical Realism and Theories of Foreign Policy.” *World Politics* 5.1: 144–177.

- توێژینەوەی سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە، تینکتانك و ڕۆژنامەکان:

- David D. Kirkpatrick David D. Kirkpatrick and Eric Lipton, (12 November 2019). Behind Trump’s Dealings with Turkey: The New York Times

- David E. Sanger, Eric Schmitt and Ben Hubbard, (19 July 2017).Trump Ends Covert Aid to Syrian Rebels Trying to Topple Assad, the New York Time

- Dominic Evans, (1 October 2019). Syria 'safe zone' deadline expires with Turkish threat looming, Reuter, https://www.reuters.com/article/us-syria-security-turkey/syria-safe-zone-deadline-expires-with-turkish-threat-looming-idUSKBN1WG3QP

- Erickson Amanda, (١٢February 2018). 'Trump claims the U.S. has spent $7 trillion in the Middle East. It hasn’t. Check: Has the U.S. spent $7 trillion in the Middle East?' Washington post

- Frida Ghitis, (14 October 2019).We need the real story of why Trump sold out the Kurds, < https://edition.cnn.com/2019/10/14/opinions/why-did-trump-abandon-kurds-after-call-with-erdogan-ghitis/index.html>

- Graham, and Fox News expert (22 October 2019) showed Trump a map to change his mind about Syria withdrawal, NBC, <https://www.nbcnews.com/news/military/graham-fox

- Hisham Arafat, (March 16-2016). Syrian Kurds to announce federal system, Kurdistan 24 < https://www.kurdistan24.net/en/news/43532875-529a-469c-b632-95d2cb098be1/Syrian-Kurds-to-announce-federal-system

- Karen DeYoung, Dan Lamothe and others, (13 October 2019). As Trump withdraws U.S. forces from northern Syria, his administration scrambles to respond ،Washington post.

- Karen DeYoung, Missy Ryan and others, (8 October 2019). Republicans assail Trump’s decision to pull troops from northern Syria as Turkey readies, Washington post.

- Lindsey Graham, (31 December 2018).Twitter, <https://twitter.com/LindseyGrahamSC/status/1079514943152631808

- LSE, (2016). Rojava At 4: Examining The Experiment In Western Kurdistan, LSE Centre for Middle East, <http://eprints.lse.ac.uk/67515/1/Rojavaat4.pdf>

- Michael R. Gordon and Eric Schmitt, (9 May 2017). Trump to Arm Syrian Kurds, Even as Turkey Strongly Objects, the New York Time

- Pema Levy, (15 November 2016).Trump Admitted to a Conflict of Interest in Turkey, Mother Jones

- Peter Baker Catie Edmondson, (16 October 2019). Trump Lashes Out on Syria as Republicans Rebuke Him in House Vote, the New York Time,

- Reuters, (3 January 2019). Where do the Kurds fit into Syria's war? Reuters, < https://www.reuters.com/article/us-mideast-crisis-syria-kurds-explainer/where-do-the-kurds-fit-into-syrias-war-idUSKCN1OX16L>

- Robin Wright، (20 October 2019). Turkey, Syria, the Kurds, and Trump’s Abandonment of Foreign Policy, the Newyorker

- Ryan Browne and Barbara Starr, (29 March, 2018). Trump says US will withdraw from Syria 'very soon, CNN, < https://edition.cnn.com/2018/03/29/politics/trump-withdraw-syria-pentagon/index.html>

- Ryan Browne, Jamie Crawford and Bianca Britton, (8 September 2019). US and Turkish troops conduct first joint ground patrol of Syrian 'safe zone', CNN, https://edition.cnn.com/2019/09/08/middleeast/us-turkish-troops-joint-syria-ground-patrol-intl/index.html

- Stephanie Ruhle and Carol E. Lee, (12 November 2019). In private speech, Bolton suggests some of Trump's foreign policy decisions are guided by personal interest

- NBC news, https://www.nbcnews.com/politics/donald-trump/private-speech-bolton-suggests-some-trump-s-foreign-policy-decisions-n1080651

- Till F. Paasche, Syrian and Iraqi Kurds: Conflict and Cooperation, Middle East Policy Council, < https://mepc.org/syrian-and-iraqi-kurds-conflict-and-cooperation>

- Wladimir van Wilgenburg, (17 June 2020). Syrian Kurdish parties reach initial unity agreement, Kurdistan24, <https://www.kurdistan24.net/en/news/e20c4910-d66b-480f-a89b-986bfaf145dc>

**ملخص الدراسة**

تسلط هذه الدراسة الضوء وبشكل دقيق على السياسة الامريكية تجاه غرب كوردستان، خصوصاً وان هدف الدراسة هو تحديد الاسباب الرئيسية وراء تأسيس العلاقات العسكرية بين الكورد وامريكا وتحليل اسباب وعوامل عدم استقرار وثبات السياسة الامريكية تجاه غرب كوردستان. كذلك تحاول هذه الدراسة ومن خلال عرض الحجج العلمية ان تبين عن اسباب قيام ادارة ترمب بالتخلي عن الكورد والسماح لتركيا بالهجوم على غرب كوردستان. في الحقيقة ترجع بداية تأسيس العلاقات بين غرب كوردستان وامريكا الى سنة ٢٠١٤، خصوصاً بعد احتلال داعش لقسم كبير من الاراضي العراقية والسورية وتمكنها من ان تكون تهديداً وخطراً جدياً على المصالح الامريكية، ضمن هذا الاطار اعتبرت امريكا العامل الكوردي عاملاً مهماً في مواجهة داعش في سوريا، لا سيما وان غالبية المعارضة السورية آنذاك كانت عبارة عن مجموعات راديكالية واغلبها لم تكن فقط غير مستعدة لقتال داعش بل كانت متعاطفة معها أيضاً. على الرغم من الدعم الامريكي لغرب كوردستان من الناحية العسكرية، الا إنه ليس خافياً من ان امريكا تنحو سياسة غير ثابتة وغير مستقرة تجاه الكورد. ليست لامريكا أي مشروع سياسي للكورد في سوريا ولم تتحدث يوماً عن اي نظام حكم ذاتي او اتحادي للكورد، بمعنى ان العلاقات الامريكية مع الكورد بقيت ضمن اطار الحرب مع داعش ولم تتطور من الناحية السياسية. لذلك يتبين انه وبعد هزيمة داعش من الناحية العسكرية ومن دون الاهتمام بمصير الكورد حاول ترامب عدة مرات من اجل سحب القوات الامريكية من سوريا، كذلك سمح للقوات التركية بالهجوم على الكورد. لا شك ان مصالح ترمب مع تركيا و رغبته في سحب القوات الامريكية من الشرق الاوسط وهزيمة داعش كلها من العوامل التي قد تجعل من امريكا ان تفكر في سحب قواتها نهائياً من سوريا وان تترك الكورد يواجهون مصيرهم بمفردهم.

**Inconsistency of US policy towards Syrian Kurdistan**


**Abstract**

This study attempts to explain the US policy towards Syrian Kurds and highlight the key reasons behind establishing of military relations between Kurds and US. Further, it endeavors to explore the fact that why the US policy towards Syria Kurds is unstable and why Trump administration allowed Turkey to attack Kurdish autonomous region in Syria. In reality, the emergence of relations between Kurds and US backed to 2014, especially when ISIS controlled vast majority of Syria and Iraq territory and posed serious threat to the US security interests in Iraq and region. In this regards, the US saw the Kurdish forces as a trusted partner to confront ISIS in Syria. In particular, the Syrian armed groups did not want to fight ISIS and even some of them had relations with ISIS.

However, despite the US military support to the Kurds, but politically US has a contradiction and unstable policy toward Kurds in Syria and it does not have any intention or agenda to support autonomous region or federal system for Kurds. This has been the key reasons behind Trump attempts to withdrawal its troops from Syria without taking into consideration the future of the Kurds there and allowed Turkey to attack Kurds. In fact, Turkey pressures, US willingness to withdrawal its troops form Middle East and defeating ISIS might push US to completely withdrawal all forces and abandon the Kurds in Syria.